# نامەیەك بۆ نوێنەرە کەرکوکیەکانی پارلەمانی عێراقی کەی شەڕەکەمان لەسەر دەکەن

**لەتیف فاتیح فەرەج**

گوندەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك، گوندە کوردنشینەکان زۆرترینی ئەو شوێنانەن کە زیانی زۆریان بەرکەوت، گوند هەیە چوارجار سووتاوەو وێران‌و تالآنکراوە، حیزبی بەعس لەماوەی کەمی دەسەلآتی (1963) هەوڵی زۆریدا کە کوردو عەرەب بکاتە دوژمنی یەك، هەر ئەو فورسان وەلیدی لە سوپای میللی دروستکردو ئەوان هەڵیان دەکوتایە سەر گوندەکان‌و دەیانگوت:" احنه البدو، وین العدو"، یان"احنه العرب اهل الغیره ، نگرد الاکراد من ها الدیره). ئەم هۆسانە پەیوەندی نێوان کوردو عەرەبی زۆر شێواند، ئەمە لەکاتێکدا کوردو عەرەب پێشتر پەیوەندییان بەتایبەتی لەناوچەی کەرکوکدا زۆر باش بوو، لیژنەی بەندی(140)ی دەستوور بەرپرسە وەك چۆن حکومەتی عێراقیش بەرپرسە لە سڕینەوەی شوێنەواری بەعسیزم لەناوچەکەو ئاشتکردنەوەی کوردو عەرەب پێکەوە، هەروەك چۆن لەسەردەمی شێخ مەحمودی حەفید پێکەوە بوون، تەنانەت لەو سەردانەشدا کەدوای گەڕانەوەی حەفید لە دەستبەسەری لە هندستان هاتەوە، ناودارەکانی کەرکوك (16) کەس سەردانی شێخیان کرد، دوانیان لەپیاوە ناودارەکانی عەرەبی ئەو سەردەمەی حەویجە بوون، بەعس زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کوردو عەرەب دوژمنی یەك بن، وەك چۆن لە تورکیاش تورك سورە لەسەر دروستکردنی دوژمنایەتی لەنێوان کوردو تورکدا، بۆ ساڕێژکردنەوەی ئەو برینانە، بۆ ئاشتکردنەوەی راستەقینەی کوردو عەرەب، یەکەمین ئەرك‌و هەنگاو گێڕانەوەی گوندەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك‌و ئاساییکردنەوەی ئەو بارو دۆخە شێواوەیە کە بەعس دروستی کرد، ئەمەش تەباو هاوپەیوەندە بەجێبەجێکردنی بەندی (140)ی دەستوورەوە بەشێوەیەکی ئاکاری‌و دیموکراسیانە، ئەو عەرەبانەی بەعس هێناونی بۆ سنوری کەرکوك بەر لەوەی بۆ تەعریبی ناوچەکەبن بۆ ئەوە بووە کە دوژمنایەتی لەنێوان کوردو عەرەب دروست بکات، ئێستا ناجۆریەکی زۆر هەیە لە قەرەبوکردنەوەی خەڵکی ئەو گوندانە، ئەگەر بەپێی ئەو راسپاردانەی لیژنەکە بێت، تەنانەت جیاوازیەکە لەگەڵ قەرەبوکردنەوەی عەرەبەکان زۆر زۆرە، بۆ ئەوان(20) ملیۆن‌و بۆ گوندەکانی کەرکوك، گوندنشینەکان(7.500) حەوت‌و ملیۆن‌و پێنجسەد هەزار، ئەمە لەکاتێکدا زۆرێك لەو گوندنشینانە ئازیزترین کەس‌و کاری خۆیان لە کارەساتی ئەنفالدا لەدەستداوە.

ئێمە لێرەدا بەخێرایی ئاماژە بەو ناوچانەو ژمارەی گوندەکان دەدەین، دواتر لەکاتی پێویست دەگەڕێینەوە سەریان، ئەگەر نوێنەرە کەرکوکیەکانی نێو پارلەمانی عێراقی، بەپیر ئەم پەیامەوە بێن، کە ئەوەش ئەرکی سەرەکی خۆیانەو دەبێ لەئاستی ئەو متمانەیەدابن، کەلەلایەن خەڵکەوە پێیان دراوە، بەشێکی زۆر لەو گوندنشینانەلەوپەڕی خراپی بارودۆخدا گەڕاونەتەوە، بەڵام لەبەر خەراپی رێگاوو بان، نەبونی خزمەتگوزاری، نەبونی قوتابخانەو نەخۆشخانەو مزگەوت، نەبونی توانای بەخێوکردنی ئاژەڵ‌و مەڕو مالآت، بەناچاری گوندەکەیان جارێکی دیکە چۆڵکردوەتەوە.

کۆی گوندە تێکدراوەکان بەم جۆرەی خوارەوەن:

مەرکەزی قەزای کەرکوك/18 گوند

لەناحیەی قەرەحەسەن/ 45 گوند

لەناحێی پردێ/ 32 گوند

مەرکەزی قەزای چەمچەماڵ/ 73 گوند

لەناحێی قادر کەرەم = خورماتوو /56 گوند

لەناحێی سەنگاو قەزای چەمچەماڵ/ 69 گوند

لەناحێی ئاخجەلەر قەزای چەمچەماڵ/41 گوند

لەناحێی کوڵەجۆ قەزای کفری/ 23 گوند

لەناحێی قەرە تەپە  قەزای کفری /40 گوند

لەناحێی باوەنوری قەزای کەلار / 77 گوند

لەناحێی تیلەکۆی قەزای کەلار / 59 گوند

لە ناحیەی سەرقەڵای قەزای کەلار/ 30 گوند

لەناحێی جەبارە قەزای کفری /26 گوند

جگە لە گوندی دیکە کەسەبە ناوچەی تەکیەو جەبارین 30 گوند

کۆی گشتی ئەم گوندانە:619 گوندن، ئەمە جگە لە دەیان گوندی دیکە کە تۆمار نەکراون بەگشتی 779 گوند لە سنوری پارێزگای کەرکوك وێران کراوەو بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوەو تاڵانکراوە، هەروەها ناحێیەکانی: باوەنور، تیلەکۆ، سەرقەڵا، کوڵەجۆ، قادر کەرەم، سەنگاو، شوان، ئاخجەلەر، قەرەحەسەن، قەرەهەنجیر، هەڵوەشاونەتەوەو وێرانکراون، دانیشتوانی ئەم گوندانە بەهەزاران خێزان دەژمێردرێن‌و زۆربەیان لە ئۆردوگا زۆرملێکان توندکراون، کە تەواوی ئەو ئۆردوگایانە لەسەر بنەمای ئۆردوگا سایگۆنیەکانی ئیمپریالیزم بنیاتنراون، ئەمەش بۆ خۆی دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدەوە، ئەمڕۆ بەهەزاران بەڵگەنامەو دەکۆمێنت لەسەر ئەو وێرانکاریە هەیە، ئەو گوندانە بەو پەلامارو وێرانکاریە زیانی زۆریان بەرکەوت‌و تائێستاش نەتوانراوە بۆشاییە دروستکراوەکانی ئەو کارەساتە پڕبکرێتەوە، جگە لە کارەساتی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و مرۆیی کەبەدوای خۆیدا هێنای، بێکاریەکی زۆریشی دروستکرد بەرادەیەك کە ئیدی هیچ بوارێك بۆ ئینسانگەلی ئەم گوندانە  نەمایەوە جگەلە لەملکەچی‌و بەدبەختی، ئێستا ئەرکی نوێنەرانی کەرکوکی پارلەمانە کەلەسەر ئەو گوندانە شەڕی خۆیان لە پارلەماندا بکەن، ئێمە وەك ڕۆژنامەی (کەرکوکی ئەمڕۆ) ئەم جۆرە لەکارکردن لەچوارچێوەی بەندی (140)ی دەستووردا بەهەڕەشەیەکی گەورە دەبینین بۆیە لە ئایندەدا، ئەگەر ئەم پرۆسەیە ئاوا بڕواتە ڕێوە، لەو بارەیەوە قسەی خۆمان دەبێت، ، بەندی(140) بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانیە یان بۆ دڵدانەوەی جەلاد، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە زۆرترین خەڵکی ئەو گوندانە دەیانەوێ لەدەسەڵاتی بکەن، نوێنەرانی کەرکوك لەپارلەمانی عێراقیدا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ کتێبی سەردەمی (قەڵەم‌و موراجەعات) لە نوسینی (نەوشیروان مستەفا) کە چۆن (محەمەد جاف) نائیبی کەرکوك دەستەویەخە دەبێت لەگەڵ مەجید یاقوبی بە ریشە زەنگنەدا، لەسەر مەسەلەی کەرکوك، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بە وردی ئەدەبیاتی شاعیرانی ئەو سەردەمە بخوێنینەوە تێدەگەین کە چەندتێبینی زۆر لەسەر ئەندامانی مەجلیسی نواب هەبووە، فەرموو شیعری هەڵۆ بەگی گۆران بخوێننەوە!! قسە لەسەر ئەوەیە دەبێ نائیبی شەڕکەر لە پارلەماندا رۆڵی خۆی یاری بکات، ئێمەش بزانین نوێنەرمان هەیە،

